# کاسترۆ و گابریێل گارسیا مارکیز

## کاسترۆ: ئەگەر دۆنادۆنی ڕۆحەکان هەبووایە، هیوام دەخواست نوسەرێك بوومایە وەك مارکیز



عەبدولحسەین شەعبان

بەشێکی زۆر لە چاودێرانی کایەی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەمریکای لاتین، زۆر جار لە هەڵسەنگاندن و بەراوردەکانیاندا، پەیوەندیی نێوان کاسترۆ و مارکیز ناودەنێن «پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕێکی ڕۆشنبیر!». یاخود سەرکەوتنە ڕۆمانتیکییەکانی فیدڵ کاسترۆ وای کردووە بگوترێت کاسترۆ ڕۆماننوسێک بووە و ڕێگەی هەڵەکردووە بەرەو دونیای سیاسەت. دەزگا هەواڵگرییەکان و نەیارانی کاسترۆ، سەرکەوتوو بوون لە دوورخستنەوەی بەشێکی زۆری هاوەڵە ڕووناکبیرەکانی لەم سەرکردەیە و بگرە کردنیان بە دوژمنی. بەڵام لەم نێوەندەدا تاکە ئاوارتە، ڕۆماننوسی مەزن گابریێل گارسیا مارکیس بوو، کە هیچ فشارێک نەیتوانی لە دڵسۆزی و وەفای ئەم دوو ئایکۆنە جیهانییە بۆ یەکتر کەمبکاتەوە، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین ڕەخنە لەلایەن مارکیزەوە بۆ دەوڵەتی کوبای پاش شۆڕش. پەیوەندییەکانی ئەم دووانە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو.

FOCUS

کاتێک سەردانی کوبام کرد، پرسیارێکی سەرسامکەر رووبەڕووم بووەوە کە پێشتر ئەو پرسیارەم لەخۆم کردبوو: چی (کاسترۆ) بە (مارکیز)ـەوە دەبەستێتەوە و چۆن ئەم پەیوەندیە لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا درووست بووە؟ من پێشتر ئەوەم خوێندبۆوە کە مارکیز رۆڵی میانگیری گێڕابوو لە نێوان کوباو کۆلۆمبیادا لەبارەی «شۆڕشگێڕە» مارکسیستەکانەوە، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە حەفتاکانی سەدەی رابردودا پتەوتر بوو و گۆڕا بۆ دۆستایەتییەکی بەهێز، ئـەوەش دوای ئـەوەی مارکیز رۆمانەکەی (سەد ساڵ تەنهایی) لە ساڵی 1967دا بە ئیمزای (گابۆ) بڵاوکردەوە، ئەمەش ئەو ناوە بوو کە هەمیشە کاسترۆ مارکیزی پێ بانگ دەکرد.

پێش ئەوەش کە لە ساڵی 1982دا خەڵاتی نۆبڵ وەبگرێت، ناوبانگی مارکیز وەك رۆماننووسێك بڵاوبووبۆوە، ئەو زۆر سەرسام بوو بە کاسترۆ و بە شۆڕشی کوبا، سەرەڕای ئەو رەخنە زۆرانەی کە لەلایەن رۆشنبیرانەوە لەو پەیوەندییە ناباوەی نێوان رۆشنبیرێك و فەرمانڕەوایەك دەگیران، بەڵام مارکیز بێ هیچ پاشەکشەیەك لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە، بە بەردەوامی سەرسام بوو بە کاسترۆ و لایەنگیری ئەو بوو، مارکیز کاسترۆی بەوە پێناسە دەکرد کە: لە سازگارترین ئەو پیاوانەیە کە ناسیونی». هەروەها دەیوت» فیدڵ کاسترۆ خوێنەرێکی برسییە، لەهەموو کاتێکدا حەز و خولیای بۆ ئەدەبی باش هەیە، هەتا لە زەحمەترین قۆناغەکاندا، لەو کاتانەدا کە بواری هەیە کتێب هاورێیەتی و لێی جیانابێتەوە».

بـەڵام کاسترۆ لەبارەی مارکیزەوە دەڵێت بەرێکەوت ناسیویەتی، کاتێك ساڵی 1948 ئامادەی کۆنگرەیەك بووە لە کۆلۆمبیا، ئەوکات خوێندکار بوو، پاشان کاتێك وەك رۆژنامەنوس هات بۆ هاڤانا بۆ رومالکردنی رووداوەکانی سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی 1959دا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کاسترۆدا بەهێزبوو، دواتر پەرەیسەند و گۆڕا بۆ دۆستایەتییەکی پتەو، ئەم پەیوەندییە لەرێگەی سـەدان چاوپێکەوتن و گفتوگۆوە بەرجەستە بوو، کە کاسترۆ بەوە وەسفی دەکـردن «گرنگ و بەشەوق» بوون، بەتایبەتی بەئامادەبوونی (مێرسیدیس)ی خێزانی مارکیز (کە ساڵانە زیاتر لە سەردانێکیان بۆ هاڤانا دەکرد). کاسترۆ وتوێژەکانی لەگەڵ مارکیزدا وەها وەسف دەکرد کە «چارەسەرێك بوون بۆ

**کاسترۆ خوێنەرێکی برسییە، لە هەموو کاتێکدا حەز و خولیای بۆ ئەدەبی باش هەیە، تەنانەت لە زەحمەترین قۆناغەکاندا، ئەگەر بواری هەبێت کتێب هاورێیەتی و لێی جیانابێتەوە.**

ئەو شڵەژانە توندانەی کە بە بەردەوامی وەك هەر سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی کوبایی، بە شێوەیەکی نائاگاییانە تێیدا دەژیا».

کاسترۆ سەرۆکایەتیکردنی دامـــەزراوەی سینەمای ئەمەریکای لاتین و سەرپەرشتیکردنی پەیمانگای سینەمای نوێ لە ئەمریکای لاتینی سپاردە مارکیز، کە لەلایەن کوباوە دامەزرابوو. کاسترۆ لەبارەی مارکیز و توانا کارگێڕی و رێکخراوەییەکانییەوە دەڵێت: «من بڕیارێکی نادادپەروەرانەم هەبوو لەبارەی ئەوەوە، کە پێموابوو لە هەستێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەیاڵ و وەهم بەسەریدا زاڵە، نەمدەزانی چەندە واقیعیەت لە عەقڵیدا شـاراوەتـەوە». کاسترۆ لە لێدوانێکیدا بۆ یەکێك لە رۆژنامە کۆلۆمبیەکان دەڵێت: «ئەگەر دۆنادۆنی رۆحەکان هەبووایە، ئەوا هیوام دەخواست نوسەرێك بوومایە وەك مارکیز»!!.

**سەرچاوە:**

کتێبی (کوبا، الحلم الغامض، عبدالحسین شعبان، دار الفارابي، بیروت، لبنان، الطبعة الاولی- 2011)